# تەكنەلۆژیاو سوکایەتی کردن بە ژنان و کچانی کورد

**روناک ئەحمەد/کۆلن**
runnak@hotmail.de



گەشەی تەکنەلۆژیا خزمەتێکی گە ورە ی  بە مرۆڤایە تی کردووە،لە دوو سەدەی رابردودا بە تایبە تیش لە نیوە ی دووە می سە دە ی بیستە مە وە ,  بە سەدان و هەزاران ئامێری نوێ   داهێنراوە  گۆڕانکاری ڕیشەییان لەکۆمەڵگا و لە تاکی مرۆڤدا درووست کردووە ، هاوشانی ئەمە چەندین ئامێری تەکنەلۆژی ڕوخێنەرو تێکدەر داهێنراوە ، کە زیانێکی زۆری بە مرۆڤایەتی گەیاندووە . ئەوە گرنگە بۆ ئێمە کە بزانین چۆن مامەڵە لە گەڵ تەکنەلۆژیا دەکەین. حەز دەکەم لێرەدا تیشک بخەمە سەر چۆنیە تی بەکارهێنانی ئامێری نوێ , کە هەندێک لە گەنجان و پیاوانی کورد , رۆژانە چۆن سوکایەتی بە ژنانی پێ دەکەن و کردویانە بە چەکێکی کوشندە بۆ سەر ژنان و کچان ، توشی دڵە راوکێ و خەمۆکی و ترس و گومانی کردوون , کە رۆژانە روبەرویان دەبێتەوە! هەر ئەم ترس و تۆقاندنەیە  ژنانی لە ملکەچی و کۆت و بەندىا هیشتۆە وە ، دەبێتە کلتورێک و وایان لێ دەکات هەمیشە لە پەراویزدا بمێننەوە ! یەکێک  لەو زیانانە ی  تەکنەلۆژیا بۆ سەر ژنان تەلەفونی دەستییە , کە رۆژانە هەندێک لە پیاوانی کورد کردویانە بە یاری دەستیان و کاتی خۆیانی پێ دەبەنە سەر , زۆرێک لە پیاوان دەبینی تەلەفونێکی دەستی پێیەو وینە ی  کچانی پێ دەگرێ و  وێنەکەی دەخاتە سەر لەشێکی تر و بە بلوتوس بۆ یەکتری دەنێرن و کچانیش بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت , روبەروی خێزان و کۆمەڵگا دەبنەوە، کە نازانن چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن.دەرەنجامی ئەم کارە زۆر جار دەبێتە هۆی کوشتنی کچەکە، یان فشارێکی دەرونی ئەوتۆی بۆ دێت کە ناچارە خۆی بسوتێنێ،  ئەگەر کوڕێک کچێکی خۆش ویست و کچەکە ڕازی نەبوو ، یان ئەگەر کورو کچێک هاورێ بن و واز لە یەکتری بهێنن ، ئەوا کورەکە وێنەی دەگرێ و سوکایەتی پێ دەکات لە جیاتی وەفا بۆ کچکە بەو شێوەیە سزای دەدات،  وە چەندین شتی تر.....  هەر ئەم کارانە وای کردووە زۆر جار کچان پەناببەنە بەر لەچک و خۆداپۆشین . لەکۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا ژنان ئەگەر بە بێ ویستی خۆیان لە هەر کۆێ وێنەیان بڵاوببێتەوە ئەوا سکالا دەکەن و ئەو کەسانەش بە سزای توندی خۆیان دەگەیەنن . وە لی لە وڵاتی ئێمە ژنان رۆژانە روبەروی ئەو کارە دزێوەی دەستی پیاوان دەبنەوەو هیچ یاساو رێسایەکیش نییە لەو کەسانە بپرسێتەوە , ئەو کەسانە بە سزای خۆیان بگەیەنێ و سنورێ بۆ ئەو کارە دابنێ کە ئەمە ئەرکێکی دەستبەجێ وپێویستی سەر شانی دەسەڵاتە .

2007/8/9